# گوڵەکانی پرچی هەبیبە



گروپی موزیکی نالی دوای پتر لە ٨ ساڵ کارکردن یەکەم ئەلبومی خۆی لەم چەند رۆژەی دادێ لە یەك کاتدا لە سەرتاسەری کوردستان‌و ئەوروپاو وڵاتانی دیکەی دونیا بە ئۆرجینال بڵاودەکاتەوە. ئەلبومەکە ١٠ بەرهەمی لەخۆگرتووە ٨ گۆرانی‌و ٢ پارچە موزیك, کارەکانی موزیك لە ستۆدیۆی چوارچرا بە سەرپەرشتی هونەرمەند (زانا ئەنوەر) بەڕێوەچووەو ئەندازیاری دەنگ (ئاکۆ عومەر) کارەکانی ئەندازەیی ئەم ئەلبومەی جێبەجێکردووە. ئەوەی شایانی باسە ئەم ئەلبومە سومبولی کارەکانی ئەو ٨ ساڵەی کارکردنی گروپی نالی لەخۆگرتووە کە بە کوالیتێکی زۆر بەرز کارەکان لێرە بەتەواو بوون هاتوون‌و لە (ستەمبۆڵ)یش کاری ماسترینگ‌و چاپی ئەلبومەکە بە باشترین شێوازی سەردەم بە ئەنجام گەیاندراوە. لەم ئەلبومەدا ٢ گۆرانی تا ئێستا بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بە ئەنجام گەیاندراون (شاییە زەماوەندە, کە بەرهەمێکی فۆلکۆرییە کاری موزیك لەلایەن هونەرمەند ڕێبین جەمال ئەنجام دراوەو وتنی شوان قەرەداغی لە تەوێڵەی هەورامان وێنەی گیراوە بە هاوکاری ستافێکی گەورەی هونەری).. (ئێوارە سەراب, ئاوازێکی داندراوەو بەرهەمێکی هەرەجوانی نێو ئەلبومەکەیەو لە ئاوازو موزیك‌و وتنی هونەرمەند ڕێبین جەمال,ە.

